ئایا بۆ گیان لەدەستدانی غەزال مەولان دەبێ بەخنە لێ کەین بگرین؟.. حەسەن ئازانی

سەرەتا من زۆر دڵگرانم بۆ گیان لەدەستدانی غەزال مەولان. پرسەو سەرخۆشی خەمان دەنێرین بۆ کەس و کاری غەزال و تەواوی ئێندامانی بنەماڵەو خزانکەی و تەواوی هاوڕێیانی غەزال لە سەنگری خەباتدا!

مەرگ و نەمان بۆ سیستەمی پڕ و سەدەی ئاخوندو ئایاتوڵاکان و تەواوی ئژدەهە سەرکوتگەرەکانی نەتەوە بادەستەکان و دیکتاتۆرە بەگژپەرستەکانی ناوچەکە!

چەند سەرنجێک:

بۆ بەوای من بەخنەی دڕووست و کاریگەر لەبارەی گیان لەدەستدانی غەزال مەولان ئەو بەخنەیەیە کە دەبێ ئاستەوخۆ ئاراستەی دەسەڵاتی سیاسی بکرێت!

"دەبێ خەڵک بپرسێت کە ئایا نەخشانە هەیە کە بۆ هەموان بێت بۆ بەبەختەچاوکردنی بەگژو نەتەوە، ئایین و مەزهەب، ئایدۆلۆجیاوشتی لەوبابەتە...هتد ئەگەر هەیە بۆچی غەزال گیانی لەدەستداو چارەسەری پزیشکیی نەکرا؟ ئەگەر نەخشانە نیە کە بۆ هەموان بێت ، بۆچی دەبێ نەبێت؟ ئایا حکومەت هەیەو خەڵکی بۆ حکومەت دەزانێت؟ ئەگەر هەیە بۆچی نەخشانە بۆ خەڵک نیە؟ بۆ بەوای من دەبێ تەواوی بەخنەکان ئاراستەی دەسەڵاتی سیاسی بکرێن و دەبێ ئەو بکرێتە ئامانج نەک خەڵک کە هیچ بەشکی پەنەدراوە بۆجگە لەوەی کە بەدەنگ و ئازی بێت بەو بڕیارەی هەیەتی!"

سیستەمی سەرمایەو بازاڕی ئازادو یاساکانی ئەو بازاڕە بۆ جۆرێکی زۆر خراپ و نا یاسایی و دوور لە بەچاوکردنی مافی مرۆڤ کوردستانی گرتەوە. نەخشانەی بەخشین لە نەو ئەو سیستەمەدایەو بۆ پڕی یاساکانی ئەو سیستەمە کاروبارەکانی ئەنجامدەدات. لە سیستەمی سەرمایەو بازاڕی ئازادا نەخشانەش، وەک شوێنی فرۆشتنی کاڵو پڕ بۆ مەبەستی قازانج و سوود، شوێن و هەی سەرمایەگوزارییە!

کوردستان سەرباری ئەوەی کە لە نەو یاساکانی بازاڕی ئازادو سیستەمی سەرمایەدایە، بەڵام شێوە دەسەڵاتێکی تریش بەسەر ئەو بازاڕەدا زاڵە کە بریتیە لە دەسەڵاتی خێڵ، دەسەڵاتی بنەماڵە، دەسەڵاتی بەرپرس، دەسەڵاتی سەرکی حیزب و دەسەڵاتی ئایدۆلۆجیاو

دەسەڵاتی ئاین و دەسەڵاتی مەزهەب و دەسەڵاتی تاقانەت زمان و زاراوەی جیاش! تاقانەت شوێنی نیستجبوونیش نییە. غەزال بووە قوربانی نەو ئەو هەموو دەسەڵاتانە! نەخشخانەی (بەخشین) لەو چوار چوێیەدایەو هی خەڵک نیە بەڵک و سەر بە ئایدەلۆجیایەکە یان سەر بە بەرپرسەکە یاخود سەر بە حیزبێکی سیاسییەو ئایدیدەلۆجیایەکی تایبەت بەخۆی هەیە کە ئیگۆی پێنادات هاوکاری کەسانی وەک غەزال بکات!
بە بەڵای من نابێ ئەو ئیسلامە سیاسییەی کە بەرژەوەندی سیاسیانەی لە نەوخە گرتووە تەکنەاوبکرێت و یەکسان بکرێت بەو ئیسلامەی کە باب و باپیرانمان هەیانبووەو ئیمانیان لەسەر پرۆردەکردووە لە رووی ئاینیی و مەزهەبییەوە. مردن و گیان لەدەستدانی غەزال خەتای نە موسڵمانان و نە خەتای ئایینی ئیسلامیشە.. نەخشخانەیەک یان مزگەوتێک ئامادە نەبوون کە هاوکار بن ناکاتە ئەوەی ئیسلام و موسڵمانان تەوەبگەلێنین. دەبێ موسڵمانە سیاستبازو بەرژەوەندی خوازەکان و ئەوانەی کە ئایینی ئیسلامیان خستۆتە خزمەتی بەرژەوەندیە سیاسییەکانیان تەوەبگەلێنین وبیانکەینە ئامانج نەک خەڵکی موسڵمان!

دیدگاو تێڕوانینی کوردانەو نیشتیمانپەروەرانە کە لەبەرژەوەندی تەواوی کوردا بێت و بمانەوێت ٢+٢ یەکسان نەبێ بە ٤ بەڵک و یەکسان بێت بە ١، دەبێ بەخنە لە یەکتری نەگرین! چونکە خەڵک بێتاوانە!. ئەوە حیزبی سیاسییە کە خەڵک پەروەردە دەکاو بەرەو ئەملاوئەولای دەباو لە کوردایەتی بەسەن و جوان و لە هەستی مرۆڤایەتی دووری دەخاتەوەو دەیکاتە ئامرازکی ئایینی و مەزهەبیی یان ئایدیجیی!
بە بەڵای من دروست نیە، دیارە مەبەستم لە دیدو بەرژەوەندی کوردایەتییەوەیە، کە بەین گەلێی لە خەڵکی سڵەمانی بکەین کە غەزال گیانی لەدەستدا بەڵک و دەبێ بەخنە لە دەسەڵات یان ئەو حکومەتە بگرین کە فەرمانڕەوایە لە سڵەمانی! ئەگەر وا نەکەین ئەوا بەڵک سیاسەتکانی دوژمنانی کورد جێبەجێ دەکەین! ئیتر ٢+٢ نەک هەر ناکاتە ٤ بەڵک و زیادیش دەبێت و دەڕوا بەرەو پێنج!

بە بەڵای من ئەگەر دەسەڵاتی سیاسیی و حیزبی سیاسیی لەگەڵن خەڵکی کوردستان هەمیشە یەکگرتوو بووەو یەکتری خۆشویستووەو بە هانای یەکترەوە چووە هیچ سنوورێکی سسیاسیی و جوگرافیی نەیتوانیوە کوردان لەو ئاکارە جوانە کوردانەیەو لە هەڵوەستی مەڕۆقایەتیی بوەستێنێت!
ئەمەی کە ڕووی داوە بە گیان لەدەستدانی غەزال، هیچ گومانی

تەدانیە کە هەکارە سەرکیەکە نەخشخانەی بەخشین نیە بەڵک وئەو حکومەتە کە لەی بەرپرسیارە جا یان زەردەکەیە یان سەوزەکەیەو یان هەردووکیانن بە یەکەوە، ئاگینا نابە کەسیتر بکرێتە ئامانج!
ئەدی پەم ناڵێن ئەو دوو حکومەتە زەردو سەوزەی ئەودیواودیوی دەگەڵ ئیشیان چیەو بۆچی بوونەتە حکومەت؟

دابەشکردنی هەگبەکانی حکومەتی عێراق.. عوسمانی حاجی مارف

سەرەڕای سروشتی دەستووری و هەڵکارەکانی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار و بەڕێوەبردنی لە پەرلەماندا، ئەوەی نیشاردەوە، کە قەیرانی سیاسی و کێشەکانی دەوروبەری لایەنەکانی دەسەڵاتدار لە بەغدا، هەڵبژاردنی سەرکایەتی تەنیا پرسیەکی دەنگدان نەبووە، بەڵکو قەناغێک بووە لە ململانێیەکی فراوانتری لایەنەکان لەسەر فەرمی دەوڵەت و ئاراستە سیاسیەکەی لە قەناغی داهاتوودا.
وەها نیشان ئەدەن گوایە ئەم هەڵبژاردنە نوێنەرایەتی هەنگاوێکی دەستووری بەرچاو دەکات کە کۆتایی بە بەشایی سیاسی چەند مانگی پێشو هێنابێت، بەڵام هیچ گومانی تیا نیە، نێک بەردەوامی قەیرانی سیاسی چارەسەر نەکردووە، بەڵکو دەرگای بەووی قەناغێکی تازەی ململانێی ئاڵۆزتردا کردەوە، کە کێشەی پێکهێنانی حکومەت و دەستبەرکردنی پێستی سەرۆک وەزیران و سەقامگیری بونی پێیوەندی هەردوو حکومەتی عێراق و هەرێمی ئاڵۆزتر کردووە، حکومەتی بەشبەشێنەی لە نێوان هێزە سیاسیە گەورەکاندا خستەتە بارگرژی و گرفتی زیاترەوە.
ئەم هەنگاوەی لە میانی دانیشتنێکی پەرلەماندا نرا، کە گرژی و بایکۆتی چەند بلۆکێکی سیاسی پێوە دیار بوو، ئەمەش دەنگدانەوەی قوڵی ناکۆکی و نەبونی کەدەنگی لایەنەکانە لە بەڕێوەبردنی قەناغی داهاتوی عێراقدا، لە هاستای هەڕەوی ئەم دەخی شەی ئەمریکا و ئێراندا، کە هەکارێکی جدیە لە قوبونەوەی قەیرانەکان و کێشەکانیاندا.
هەر چەندە هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار هەنگاوێکی گرنگە لە سیستمی سیاسی عێراقدا، بەڵام لە ئستادا و بەم شیوازە پەرتەوازیە،

ناتوانێت کۆتایی بارگرژی وقە یرانەکان بێت، پەموایە دەسپێکی قۆناغێکی نوێ و هەستیارترە، کە دواتر کاریگەریەکانی لەسەر ململانێ و بەرژەوەندی لایەنەکان و دەخی نەرمنی سیاسی عێراق دەردەکەوێت.
هەبێت بگوترێ دەستوری عێراق، دوای هەبژاردنی سەرۆک کۆمار، ئەرکی کاندیدی گەورەترین بلۆکی پەرلەمانی دەداتە پێکهێنانی حکومەت لەماوەیەکی دیاریکراودا، ئاشکرایە کە لەم بارەیەوە پێستی سەرۆک وەزیران چەقی ئاستەقینەی کێبڕکێی سیاسی لایەنەکانی چوارچێوەی هەماهەنگیە، کە دەبینین لە دەخی ململانێ و شەڕی نێوان ئەمریکا و ئێراندا، قەیران و بارگرژی لە نێوان لایەنە شیعەکان بگشتی و چوارچێوەی هەماهەنگیدا بەجۆرێک پێشهاتووە، هێکەوتن لەسەر پێستی سەرۆک وەزیران و پێکهاتنی حکومەتی سەختتر بووە، بەیەکلایی بوونەوەی دەخی جەنگ و کاریگەریەکانی ئەو جەنگە لەسەر ناوچەکە، لایەنە سیاسیەکانی حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێم لەبەرامبەر ئاوگۆرەکاندا نەخشە و سیاستەکانیان بەرجەستەو هێشن نابێت.
لەکاتێکدا ناکۆکیەکی نێون لەنێوان هێزە سیاسیەکاندا هەیە سەبارەت بە لێکدانەوەی چەمکی "گەورەترین بلۆک"، لە پێکهێنانی حکومەت کە بریتیە لە "چوارچێوەی هەماهەنگی"، بەڵام پێشتر و ئێستاش لە پەیوەندە بەدەخی شەڕەوە، ناکۆکی نێوانیان شاراوەنیە، کە کێشەکانیان دوای نزیکەی هەموو هەبژاردنێکی پەرلەمانی دووبارە دەبێتەوە یەکێک لە هۆکارە هەرە دیارەکانی دواکەوتنی پێکهێنانی حکومەت لە عێراق پێکدەهێنێت، هەر بلۆکێکی گەورە هەوڵدەدات پێگەی دانوستانکاری خۆی بەهێزتر بکات بە دەستبەرکردنی پشکێکی گەورەتر لە حکومەتی داهاتوودا، جا چ لەڕووی سەرکۆماری زیرانەوە بێت یان دابەشکردنی وەزارەتکانەوە، کە لە دەخی ئەم شەڕەدا ناکۆکی و کێشەکانیان زیاتر یەخی پێگرتون.
ناکۆکی سەرۆکی بارزانی و تاڵەبانی، لەم دەخەدا وەک فاکتەری بەرچاو سەریهەڵدا کە دیمەنی سیاسی و کێشەکانی نێوانیانی ئاڵۆزتر کرد، بەتایبەتی سەبارەت بە هێکەوتن لەسەر یەک کاندید بە پێستی سەرکایەتی هەرێم و لە هەمانکاتدا لەسەر پێستی سەرۆک کۆمار بەهیچ ئەنجامێک نەگەیشتن.
بەپێی هێکەوتنامەیەکی سیاسی کە لە دوای 2003 دامەزرا، سەرکایەتی لە عێراق لەسەر بنەمای کەدەنگی و هێکەوتن، کە سەرۆک کۆمار، تایبەتە بە پێکهاتەی کوردی، بەڵام ئەم لێکتێگەیشتنە نەنووسراوە و لەم ساڵانەی دوایەدا ووبەووی تەحەددای زیاتر بەتەوە، لەگەڵ پەرەسەندنی کێبڕکێ لەناو خودی دامەزراوەی سیاسی یەکێتی و پارتیدا، کێشەکانی پێکهاتنی حکومەتی بەغدای زیادیکردووە.

لە هەمانکتدا پیکهاتەی حکومەتی بەغدا کە کاتی خۆی ئەمریکا لەسەر بنەمای ئیسلامی و تائفی و قەومی دایمەزراندوە، دەورو باڵادەستی کەماری ئیسلامی، مایەی بەهەزکردنی پگەی لایەنە شیعکان بوە، لەو نەوەدا پکهاتەی چوارچەوەی هەماهەنگی بەدەخالەت و کاریگەری ئێران هەزی سەرکی و باڵادەستی بەدەست هەنا لە پکهەنانی حکومەتدا، بەهام دواکەوتنی پکهەنانی حکومەت بەدوای هەڵبژاردنکانی ٢٠٢٥دوە، دەخی سیاسی ناوچەکە و شەڵەی ئەمریکا و ئێران، خودی چوارچەوەی هەماهەنگی خستە بەر حاڵەتکی چاوەڕوانی، لە پیوەند بە ئایندەی ئێران هاوکاتی شەڵە لگەڵ ئەمریکادا.

هەربۆیە پکهەنانی حکومەتی بەغدا لە قۆناغی داهاتودا، کە بە شێوەیکی گشتی قورستر و ئاڵۆزتر دەردەکەوێت لە چاو دەورانی سابانی هەڵبژاردنکانی پشودا.

لەلایکی ترەوە ئاماژە سیاسیکان لە ئێستادا ئەوە دەردەخن کە هەزە شیعکان لە ناوخەدا دابەشبون لەسەر هەڵبژاردنی کاندیدکی یەکگرتوو بە سەرکۆزیران، بەهەی جیاوازی بەرژەوەندی و دیدگای نەوان گروپکان، لە پیوەند بە راگرتنی هاوسەنگی لە نەوان ململانێی ئەمریکا و ئێرانەوە، بە تایبەتی کە هەزکانی حەشدی شەعبی بە ئاشکرا بونە بەشک لە شەڵەکە و ڕاگەیاندنی هاوپەیمانیەتی و بەرگری لە کەماری ئیسلامی.

سەبارەت بە هەڵبژاردنی سەرکی کەمار سەرەڕای ئەوەی وەها نیشان ئەدەن کەشێکی سەرکی کەتایی هاتووە، بەهام وەک دەستکەوتکی کەتایی نابینرێت، لەهەمانکاتدا هەنگاوکی ڕاگوزەر بەرەو کەشەو شەڵەکی سیاسی هەستیارتر لە پکهەنانی حکومەتی داهاتودا، ئەم قۆناغە بەردەوام بونە لە قەیرانی سیاسی و ناسەقامگیری زیاتر.

هەوڵەتە جەماوەری عەراق بە دەڕاوکەوە چاوەڕوانی دەرئەنجامی ئەم پشهاتە سیاسیانەن، بە لەبەرچاوگرتنی دەخی جەنگ و ناجەگیری و گەڕاوی سیاسی عەراق و ناوچەکە و ئەگەری شەڵەی ناوخەی لایەنە سیاسیکان، بە هەزکانی شیعە و سونە و کوردکانەوە، هەوروەها نەبونی پداویستیکان و ئاستەنگی ئابووری و خزمەتگوزاریکان، هاوەتیان داوای باشترکردنی خزمەتگوزاریە سەرەتاییکان و چارەسەری قەیرانی بکاری و ژینگەیکی سیاسی سەقامگیر دەکەن کە توانای بەڕێوەبردنی وەاتی بە شێوەیکی کاریگەر هەبێت.

بەهام مەژوی چنیەتی پکهاتەی حکومەتی عەراق لەو کاتەوە لەسەر بنەمای هەزی میلیشیای ئیسلامی و تائفی و قەومی بووە، سەرچاوەی گەورەترین نائاسودەیی و نەبونی ئاسایش و ناجەگیری سیاسی و کارەساتە بەسەر ژیانی خەڵکەوە، دانیشتوانی عەراق، پویستیان بە ڕزگکستنی ناڕەزایەتی بەرفراوانی جەماوەری و ئاسەی سەرکەوتن، بە

کۆتایهێنان بە هەڕەشەی میلیشیای ئیسلامی و تائیفی و قومیە، لە هەمانکاتدا دامەزراندنی حکومەتێک لەسەر بنەمای هاوڵاتی بون و دەور و دەخالەتی راستەوخۆی خەڵک، لە دەسەڵاتی سیاسیدا دابین بکرێت، هەروەها پاراستنی سەربەخۆیی عێراق لە دەخالەت و بونی ئەمریکا و ئێران و کردنە دەروەی هێزەکانیان.

عوسمانی حاجی مارف

مەژووی دزین و تاڵانکاری لە کوردستاندا.. نووسینی: هەمن عەلی

مەژووی کوردستان بە زنجیرەیەک شۆڕش، پاشاگەردانیی سیاسی و گەندەڵییەکی سیستماتیک داڕژراوە. ئەم مەژووە تەنها چیرۆکی دزینی شتومەک (محاویلەیەکی کارەبایی و شەفڵەک) نییە، بەڵکو چیرۆکی بەهەدەردانی سامانی نیشتمانی، شۆڕەوار و تەنانەت هاوکارییە نێودەوڵەتییەکانە.

١. سەرەتای داگیرکارییەکان و مەژووی کێن
وەک ئاماژەی پێکرا، سەرچاوە مەژووییەکان باس لەوە دەکەن کە لە سەردەمی هاتنی سوپاکانی عەرەب و ئیسلام بۆ کوردستان، زۆرێک لە ناوچەکان ڕووبەڕووی تاڵانکاری بوونەتەوە. لەو سەردەمەدا نێک هەر ماڵ و سامان، بەڵکو تەنانەت ژن و منداڵانی کوردیش وەک "دەستکەوتی جەنگ" مامەڵەیان پێوە کراوە.

٢. تراژیدیای هەڵەبجە و دزینی هاوکارییەکان
دوای کیمیابارانی هەڵەبجە لە ساڵی ١٩٨٨، جیهان هەوێدا هاوکاریی ڕزگاربووان بکات. بەڵام تەمەتە سیاسییەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە بەشێک لە سەرکردەکان، ئەو هاوکارییانەیان بە بڕژەوەندیی تایبەتی خۆیان بەکارهێناوە لەبری ئەوەی بگاتە دەست خەڵکە لەقوماوەکە.

٣. شۆڕەی ناوخۆ (براکوژی): لووتکەی تاڵانکردنی نیشتمان

شەی ناوخی نوان پارتی و یکتی (١٩٩٤-١٩٩٨) تنها شەی فیشک نبوو، بکو گورترین درفت بوو بۆ تانکردنی ئوی لە دوای اپین مابووو. لم قناغدا:
تانکردنی دامزراوکان: هر شارک دکوتە دست لاینکی تر، دامودزگا حکومییکان و بانککان تان دکران.
باج و سران: خاە سنووریکان و داهاتی گشتی بوونە قوربانی برژوندی حیزبی و بە کینی چک دژی یکتر بکارهنران.
ورانکردنی متمانە: گورترین دزی لم سردما، دزینی متمانەی گنجان بوو بە داهاتووی وات، کە تا ئستاش کاریگرییکی ماو. گنجکان تا ئستاش بە کمە کچ دکن.
٤. بافە تاەبانی و "چکە دزراوکان"
لە چاوپکوتنکی ئم دواییانی نوان بافە تاەبانی و مغان، ئاماژی ناستوخ بوو دراو کە پارتی دیموکراتی کوردستان (پارتی) دستی هبووە لە بردنی چک و کرستە سربازییکان.

وتکانی تره‌مپ: ئمە پیوندی هیە بە لدوانکانی دناد ترمپ کە ایگیاندبوو: "ئمە چکمان دا بە کوردکان، بەام بشکی ئو چکانە دزران." ئمە نیشانەی نمانی متمانەیە بە هزە ناوخییکان لسر ئاستی جیهانی.

٥. فلسفەی تکدان: وتە ناودارکەی مسعود بارزانی
مژووی ئم لایەنانە نک هر دزی، بکو لسر بنمای تکدان بونیاد نراو. وتەیکی ناوداری مسعود بارزانی هیە کە دەت:

"ئگر پردکمان پ دروست نکرا، بەام دتوانین تکی بدین."

ئم وتەیە کورتکراوەی هموو ئو مژووەیە کە تیدا تکدان و ورانکردن لە پش بونیادنان بوو. ئم عقییەتە بووە هی ئوی لە دوای اپینەو، ژرخانی ئابووری کوردستان (کارگکان، ئامر قورسکان و دامزراوکان) وک "کلپل" تکبدرن و بفرشرن، چونکە تنها بیریان لای تکدان و سوودی کاتی بوو نک دروستکردنی دوەت.

٦. تانی سیاسی و حیزبی (١٩٩٤ تا ئستا)
زوتکردنی زوی: دابشکردنی باشترین زویکان لە نوان برپرساندا.
دسیەی نوت: فرشتنی سامانی سروشتی بە چاودریکی دارایی ورد و ونبوونی داهاتکی.

مژووی تاڵانکاری لە کوردستان تەنها چیرۆکی دزی نییە، بەڵکو مێژووی عەقڵیەتێکە کە بەوای بە بونیادنان نییە. کاتێک سەرکردەیەک بە شانازییەوە باس لە توانای "تێکدان" دەکات، ئاسایی کە سامانی ئەو وڵاتە بدزرێت و داهاتووی نەوەکانیش تێکبدرێت.
مێژووی ئەمە پڕە لەو ڕاستییە تاڵەی کە دەڵێت: خەنجەری ژەهراوی ناوخۆ، کاریگەرتر بوو لە شمشێری بێگانە لە وێرانکردنی نیشتمانداد.

تاوانکانی کۆماری پێت و سەدارێ لە دژی گەلی کوردمان.. ڕزا شوان

سیاسەتی پاکتاوی نەتەوەیی کورد، لەلایەن رژێمی کۆماری پێت و سەدارێی ئیسلامی ئێرانی، بە دڕندەترین و نامەردترن شێوە و بە مەدەرترین چەکی کوشندە، بە بەرچاوی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی یەکگرتووەکان و مافەکانی مرۆڤ و ویژدانی جیهانییەوە بەردەوامە. درێژدانە بە کوشتن و بە ژینەسایتکردنی گەلی کوردمان، لە دروستبوونی دەوڵەتی ئێرانی ڕەگەزپەرستییەوە تا ئەمڕۆ. تا ئەمڕۆش هیچ مافەک بە کورد ڕەوا نابینن و کوشتنی کورد بە ڕەوا دەزانن. دەست لە کوشتنی مندااڵنی ناو لانکیشمان ناپارێزن. بە هەزاران کوردیان بەتاوانین گرتوون و پیسترین ئەشکەنجە دەدەن، بە هەبەستنی تاوانی بە بنەما، دژی خوا و جوداخوازی تاوانبارکراون. مانگ نییە کە چەند کوردەک لە سەدارە نەدەن. کۆماری پێت و سەدارە خاوەنی ریکۆردەکی پڕوانەیی جیهانییە، لە لەسەدارەدانی کورد. هەموو گوناهەکمان ئەوەیە کە کوردین. کوردبوونیش لەلای داگیرکەرانی کوردستان تاوانە. بەڵام تا هەتایە نیازی گەاویان، سینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی کورد، دەبنە ژێر گەڵۆ. کورد نامرێت و دەمێنێت. دەستیش لە خەبات و شەڕش و گیانبەخشین هەڵناگرین، تا مافە نەتەوەییاکانمان بەدەستدەهێنین. هەر مافەکیش داواکار دواوە بکەوێت و دەستی لەهەڵنەگرێت. زووبێت یا درەنگ وەریدەگیرێت. با داگیرکەرانی کوردستان، ئەم ڕاستییە بزانن، تا گەلی کورد نەگات بە مافی چارەی

خەنووسین. ئەستە دوەتە داگیرکەرکانی کوردستان بتوانن بە ئاسوودەیی و ئاشتی بژین. تا رۆژێک زووتر گەلی کورد بە مافکانی خۆی بگات لە بەرژەوەندیی هەموو گەلانی ناوچەکەیە دایە و زووتریش ئاشتی و سەقامگیری بە بەسەر ناوچەکە دەکشێت.

شەهیدکردنی خۆزال مەولان، پەشمەرگە و شۆشگێڕی کوردستان، کچە نەوجوانە شۆخ و نازدارەکەی شاری مەهابادی پایتەختی یەکەم کۆماری کوردستان. تاوانێکی تر، لە درێژدان بە تاوانکانی رژێمی دیکتاتۆری و سیکۆپاتی کۆماری پەت و سەدارە، کە لەبنەتەوە بە خوێن گەشکراون. خەیان بە خوای سەر زەوی دەزانن. دەستیان بە خوێنی گەلانی ئێران سوورە، بە تایبەتیش گەلی کوردمان. با داگیرکەرانی کوردستان باش بزانن، کە بە شەهیدکردنی ژینا ئەمینی و دانیز و کۆژە بین و شەهیدکردنی مژدە و هاوسەرەکەی و جوانمەرگکرنی غەزال مەولان، ناتوانن چەک بە گەلی کوردمان دادەن و کۆمان پەبدەن. بە پیچەوانەوە، ئەم تاوانانە، سوورتمان دەکەن لە خەبات و تەکۆشان. وەک چون سەدام حوسێنی گوبەگۆ، بەو رۆژە رەشەی گەیشت، دەنیام چارنووسی ئەوەی ئاخوونندە دەندەکانی ئێرانیش باشتر نابن. ئەو رۆژە نزیک بووەتەوە، کە شەپۆلەکانی تسونامی رق و تووڕەبوونی گەلانی ئێران، راتانبماڵێت و فڕێتان بداتە سەر زبڵخانی، میژوو و بە هەزاران جار تف و نەفرەتان لێبکەن.

خۆزال مەولان، کچە شەهیدەکەی هەموو کوردستان، بە شەهیدبوونت دڵی هەموو کوردێک تەزی، تا هەتایە شەهیدبوونت سوێندکە لە دەماندا. تۆ سیمبولێکی خەبات و بەرخودانیت، تۆ هەرگیز نامریت. بە سەدان غەزالی کورد لەدایک دەبن و پەدەگەن و درێژە بە ڕێبازە پیرۆزەکەی تۆ دەدەن.

زۆر بە رق و تونديیەوە، سەرکۆنەی ئەم تاوانە قێزەونانەی رژێمی کۆنەپەرست و خوێنڕژی کۆماری پەت و سەدارە دەکەین. سەرشۆڕی بە داگیرکەرانی کوردستان.

نەمری بە سەرجەم شەهیدە قارەمانکانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان.

کۆمترین شت، دەبوایە جەماوەری کوردمان، لە هەموو شارەکانی باشووری کوردستان، خۆپشاندانی ناڕازایان سازبکردایە، ناڕازایی و تووڕەیی خەیان بەرانبەر بەم تاوانە دڕبەرییایە. ئەمە نە یەکەم تاوانە و نە دووا تاوانی رژێمی ئێرانی دەبێت لە دژی گەلی کوردمان. چونکە هەڵگری قایرەسی رەگەزپەرستی و تویەنیی خوێنڕشتنن.

زەر بەداخەوە کە شارەکانی باشووری کوردستان، بە سیخوانی ئێران و تورکیا و عەرەبە بەعسییەکان والا کراون. هەر شەشگێک و هەر شەقانێک، ئیتلاعاتێک یا میتەکیان بە دواوەیە. جگە لەو بکرگیراوانەش، کە بوونەتە چاوساغیان.

کاتی ئەو هاتووە کورد واقیعبیانە مامەڵە لەگەڵ خاکی جەناکەکدا بکات.. هەمن عەلی

بزووتنەوەی سیاسیی کورد بە چەندین دەیە تەدەکشت بە بەدەستهێنانی خەباتەوەریی فراوانتر و تانانت سەربەخۆیی. هەرچەندە ئەم خواستە لە ڕووی مێژوویەوە ڕەوایە، بەڵام واقیعی سیاسیی ئێستا پرسیارێکی جوهەری دەهێنتە ئاراوە: ئایا عەقڵیەتی "یان هەموو شتێک یان هیچ" هێشتا ستراتیژێکی گونجاوە؟

لەدەستدانی خاک، دیاردەیەکی مێژوویی جیهانی یە.

مێژووی مرۆڤایەتی بە ڕوونی ئەوە دەسەلمێنێت کە گەلانی سنووردکان و لەدەستدانی خاک دیاردەیەکی دگمەن و تازە نییە. زەر نەتەوە ناچار بوون دەستبەرداری ناوچەی گرنگ بن، کە هەرچەندە بەیارێکی پە لە ئازار بووە، بەڵام لە کۆتاییدا بووەتە هەی پاراستنی قەوارە و نەتەوەکەیان.

فەڕانسا: دوای جەنگەکانی ناپلیۆن لە سەدەی نزدەهەمدا، زۆرێک لەو ناوچە پیشەسازییانەی لەدەستدا کە ئەڵمانیا داگیری کردن.

فینلەندا: لە چلەکانی سەدەی ابردوو، بە پاراستنی سەروەریی وەاتەکەی، ناوچەی "کارلیا"ی بە یەکێتی سۆڤیەت بەجێهێشت.

ئەڵمانیا: دوای جەنگی جیهانی دووەم، ناوچەیەکی فراوانی وەک "پروشیای ڕۆژهەڵات" (کالینینگرادی ئێستا)ی لەدەستدا.

هەنگاریا: بەپێی پەیمانی تریانۆن لە ساڵی ١٩٢٠، دوو لەسەر سێی خاکەکەی لەدەستدا.

ئۆکرانیا: لە و ساڵانی دواییدا بەهۆی جەنگی ڕووسیاوە خاکەکی زۆری لەدەستداوە، ئەمەش نیشان دەدات کە کێشەی خاک هێشتاش بەشێکە لە ململانێی هاوچەرخ.

ئەم نموونانە یەک وانەی گەورەمان فێردەکەن: وەاتە سەرکەوتووەکان لە سنووڕکانی ئابردووەدا گیرییان نەخواردووە، بەڵکو واقیعیان قبوڵ کردووە و جەختیان کردووەتە سەر سەقامگیری و پارێزدانی ئابووری.

دووبارە بوونەوەی هەڵە ستراتیژییەکان لای سەرکردایەتی کورد.
بەداخەوە، سەرکردایەتی سیاسیی کورد چەندین جار کەوتووەتە ناو هەمان داوی "کەلەپەقیی سیاسی" و نەبوونی خوێندنەوەی دروست بۆ هاوکێشە نەودەوڵەتییەکان:

مستەفا بارزانی (حەفتاکان): بەهۆی پشتگیری ئەمەریکا لەسەر کێرکووک و ئەتکردنەوەی ئەتنەمی بۆ ئەو شارە، دانوستانەکان شکستیان هێنا. دەرئەنجامەکەش "ئاشبەتاڵ" و پەنابردن بۆ ئێران بوو.

مەسعوود بارزانی (٢٠١٧): ئەنجامدانی ڕیفراندەم کە ناوچە جێناکۆکەکانیشی گرتەوە، بووە هۆی لەدەستدانی کێرکووک و زۆربەی دەستکەوتەکانی پێشوو، چونکە بە گوێدانە هۆشداریيە نەودەوڵەتییەکان هەنگاوی نا.

لە کاتێکدا فینلەندا و ئەڵمانیا واقیعیان قبوڵ کرد و بوونە زلهێزی ئابووری، لای ئێمە دروشمی "کێرکووک یان نەمان" بووەتە بەربەست لەبەردەم هەر جۆرە سازشکی ژیرانە. ئەم عەقڵیيەتە نەک هەر مەترسی پێکدادان زیاد دەکات، بەڵکو واقیعی فرەنەتەوەیی کێرکووکیش پشتگوێ دەخات.

ئاماژەکانی گەڕانکاری و واقیع‌بینی نوێ
سەرەڕای شکستی ڕابردوو، ئێستا هەندێک ئاراستەی نوێ دەبینرێن:

عەبدوڵا ئۆجەلان: دوای ساڵانێکی زۆر لە زیندان و دیراسەکردنی مێژوو، لە خەباتی چەکداریيەوە بۆڕو "کۆنفیدراڵیزمی دیموکراتی" و چارەسەری سیاسی هەنگاوی ناوە.

باڤێ تاڵەبانی: لە کێرکووک و ناوچە جێناکۆکەکاندا، جۆرێک لە

واقیع‌بینیی پراکتیکی پێیەو دەکات. قبوڵکردنی دابەشکردنی دەسەڵات و پێستەکان لەگەڵ پێکهاتەکانی دیکە (وەک تورکمان و عەرەب)، نیشانەی تێگەیشتنە لەوەی کە سەقامگیری گرنگترە لە کۆنترۆڵی هێزەکان. بە نموونە لە ناوچە جێناکۆکەکاندا دابەشکردنی دەسەڵاتی قبوڵکردووە و پشتگیری لەو چارەسەرە کرد کە پێستی پارێزگار (موحافیز) درا بە نوێنەرێکی تورکمان.

ستراتیژی داهاتوو: بونیادنانی ئەوەی لەبەردەستە
لەبری خەرجکردنی وزە و سامانی نەتەوەیی لە ململانێیەکی بێ کۆتایی لەسەر کەرکووک و خانەقین، ژیرانەترە کوردجێخت بکاتەسەر بەهێزکردنی ئەو ناوچانەی کە ئێستا لەژێر دەسەڵاتیدایە: هەولێر، سلێمانی و دهۆک.

بونیادنانی ژێرخانێکی ئابووریی بەهێز، سیستەمێکی پەروەردەیی مۆدێرن و هاکێشانی وەبەرهێنانی بیانی، دەتوانێت قەوارەیەک دروست بکات کە زۆر بەهادارتر بێت لە خاکێکی پڕ لە کێشە.

کۆتایی:
بزووتنەوەی کورد لە وەرچەرخانێکی مێژوویی‌دایە. پێشکەوتنی هاستەقینە لە دروشمە تونددکانی هابردووەوە نایەت، بەڵکو لە توانای خۆگونجاندن و سازشکردنی ژیرانەوە دێت. دەستبەرداربوون لە هەندێک خەونی سەزداری لە پێناو داهاتوویەکی ئارام و سەقامگیر، نیشانەی تێگەیشتنی قووڵە لە "هونەری سیاسەت".

غەزەلی ژمارە ٦٥ ی شاعیر: محەممەد تەقیی بەهار (مەلیکوشوعەرا).. وەرگێڕانی لە فارسییەوە شەهلا نوری

ئەم غەزەلە هەنگدانەوەی سەردەمی زیندانی و دوورخرانەوەی شاعیرە.

من ناڵم لەر لەم قەفەس ئازادم کەن
قەفەسم بەرنە نەو باخ و دەم شاد کەن

ڕادەبرە فەسڵی گوڵ، ئەی هاودەمان دەخیلی خودا
لە باخە دانیشن و یادی منیش یاد کەن

عەندەلیبان مژدە بە، گوڵی سوور هاتوە نەو چەمەن
بە شاباشی قەدومی، هەموو چریکە و فەریاد کەن

یادی ئەم مەڵە گرفتارە بکەن ئەی مەلان
کاتە تەماشای گوڵ و گوڵزار و شەمشاد کەن

هەر کەسە مەڵکی دیلی هەبوو لانەو قەفەسا
بە باخی بەرن و بە یادی من ئازاد کەن

هەلانەی منی بەچارە گەر سووتا، با بسووتە
بیری وەرانبوونی ماڵی سەیاد کەن

شەم گەر بە بایەک خامۆش بوو مەگرن عەجەب
یادی هەناسەی پەروانەی بەباداچوو شاد کەن

بەستوون لە ڕەمانە، نەکا لای فەرهاد
ناوی شیرین بەرن، دڕەی زاری ناشاد کەن

زوەم و زەرداری عومری لاوان کورت دەکەن
ئەی گوڵەکانی وەتەن، شیوەن و داد کەن

گەر بە زوەمی ئەوە ماڵی مەرووێک وێران بوو
مەحاڵە ماڵی خەتان ئەدی ئاوا و ئاباد کەن

کونجی تاریکی زیندان گەر پشکە بەهاری بەرکەوت
شوکرانەی ئازادی و دیاریی خوداداد کەن

خەڵاتگرانی خەڵاتی نۆبڵی منداڵان لە ساڵی ٢٠٢٦.. ڕزا شوان

دوو ساڵ جارێک لە (کۆپنهاگن) ی پایتەختی دانیمارک، یان لە پایتەختی وڵاتێکی تر. بە بۆنەی یادی ڕۆژی لەدایکبوونی، کۆمپانیای نووسەری بواری وێژەی منداڵان (هانس کریستیان ئەندەرسین) کە بە (باوکی چیرۆکی ئەفسانەیی بۆ منداڵان) لە جیهاندا ناسراوە. دوو خەڵاتی بۆنرخ، کە بەرزترین خەڵاتی نێودەوڵەتیین لە بواری وێژە و پەرتووکی وێنەیی بۆ منداڵان. کە بە (خەڵاتی هانس کریستیان ئەندەرسین) یان بە (خەڵاتی نۆبڵی منداڵان) یەن بە (خەڵاتی نۆبڵی بچووک) یش ناودەبرێت.

خەڵاتەکانیش بریتین لە (دوو مەدالیای زێڕ ـ وێنەی هانس کریستیان ئەندەرسین) یان بەسەرواییە، لەگەڵ (دوو بڕوانامەی دپلۆم). لە ئاهەنگێکی شایستەدا، پێشکەش دەکرێن، بە باشترین نووسەری نووسینی پەرتووک بۆ منداڵان لە جیهاندا، کە لە دوو ساڵی پێشتردا، باشترین چیرۆک یان ڕەمانی بۆ منداڵان نووسیوە و لە پەرتووکێکی چاپکراودا باڵاویکردووەتەوە. دەشدرێت بە باشترین هونەرمەندی وێنەکێش لە جیهاندا، کە باشترین چیرۆکی وێنەیی یان ڕەمانی وێنەیی، بە وێنەی ڕوونکردنەوە (بە وشە) بۆ منداڵانی کێشاوە. کە لە ماوەی دوو ساڵی پێشووتردا، لە پەرتووکێکی چاپکراودا باڵاوی کردووەتەوە. لە هەر شوێنێکی جیهاندابن. پەرتووکخانیان لەلایەن ڕێکخراوی (فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی بۆ پەرتووکی گەنجان) کە کورتکراوەکەی (ئی بی بی وای) یە، ئەوان لە نێوان بۆ دایان پەرتووکی تازە چاپکراو بە منداڵان، پەرتووکخانە هەڵدەسەنگێنن و هەڵیاندەبژێرن و لەوانەیە ماوەی ساڵێکی پێبچێت. سەرجەمیش کارەکانی نووسەران و هونەرمەندە کاندیدکراوەکان، بۆ درۆژایی ژیانیان بۆ منداڵان لەبەرچاودەگرن. تا شایەنی وەرگرتنی ئەو دوو خەڵاتە بن. ئینجا بڕیار لەسەر براوەی هەردوو خەڵاتی هانس کریستیان ئەندەرسەن دەدەن و ناوی براوەکان لە مانگی نیسانی، دوو ساڵ جارێک ڕادەگەیەنن.

لە ساڵی (٢٠٠٩) وە، خەڵاتەکان بە سپۆنسەری دامەزراوەی

هونەر و پەروەردەی دورگەی نامی لە کەریبای باشوور دەدرێت. مەبەستیش لە پێشکەشکردنی ئەم خزمەتانە، رێزگرتن و پێزانینە بە ئەو خزمەتە زۆرەی، کە هانس کریستیان ئەندەرسین ـ دانیمارکی، لە بواری وێژەی منداڵاندا پێشکەشی کردووە. کە تا ئەمڕۆش منداڵان لە هەموو جیهاندا، چیژێکی زۆر لە خوێندنەوەی چیرۆکە ئەفسانەییەکانی هانس وەردگرن. بۆشکێش لە چیرۆکەکانی بە فیلمی کارتون و ئانیمەیشن دەرهێناوون.

(خزمەتی هانس کریستیان ئەندەرسین) بەناوبانگترین و بەرزترین خزمەتی نوودوێتییە

لە جیهاندا، لە بواری وێژە و و پەرتووکی وێنەیی بۆ منداڵان. بەڵام ئەم خزمەتە پارەی لەگەڵدا نییە. بە یەکەم جار لە ساڵی (١٩٥٦) دا. لایەن (ئەنجوومەنی نوودوێتی بۆ پەرتووکی گەنجان) لە سویسرا، پێشنارکرا و بەیاریان لەسەر بەخشینی ئەم خزمەتە دا، بە باشترین نووسەری پەرتووکی منداڵان. یەکەم نووسەری براوەی ئەم خزمەتەش، خاتوو (ئیلیانور فارگیون) ی بەریتانییە، کە لە ساڵی (١٩٥٦) دا ئەم خزمەتەی بەدەستهێنا. هەر لە لایەن هەمان ئەنجوومەنەوە، لە ساڵی (١٩٦٦) وە، بەیار لەسەر بەخشینی ئەم خزمەتە، بە باشترین هونەرمەندی وێنەکێشی پەرتووکی وێنەیی بۆ منداڵان لە جیهاندا درا. یەکەم هونەرمەند کە ئەم خزمەتەی بردەوە، وێنەکێشی سویسری (ئەلویس کاریگیت)ە. لەو ساڵانەوە تا ئێستا، هەر دوو ساڵ جارێک، ئەم دوو خزمەتە، لە یەک رۆژدا دەیانبەخشن، بە باشترین نووسەری وێژەی منداڵان و بە باشترین وێنەکێشی پەرتووکی وێنەیی بۆ منداڵان، لە هەر شوێنکی جیهاندابن. چونکە وێنە تەواوکەری تەکستی وێژەی منداڵانە. زۆر جاریش وێنە زیاتر لە تەکست، سەرنجی منداڵان رادەکێشێت و ئاسانتر پەیام و ئامانجی نووسینەکە بە منداڵان دەگەیەنێت.

براوەی خزمەتی ئەمساڵ (٢٠٢٦)ی هانس کریستیان ئەندەرسین، دەدرێن بە باشترین چیرۆنووسی چیرۆک بۆ منداڵان، چیرۆکنووسی بەناوبانگی بەریتانی (مایکل رۆزن) لە بواری وێژەی منداڵان و مەرمنداڵان. خزمەتی باشترین وێنەکێشی بۆ پەرتووکی وێنەیی بۆ منداڵان، دەدرێت بە هونەرمەندی وێنەکێشی بەناوبانگی چینی (کای گاو). کە لەلایەن لیژنەی شارەزا و تایبەتی ئەنجوومەنی نوودوێتی بۆ پەرتووکی گەنجان، هەڵبژێردران. کە دکتۆر (شیرین کردی ـ پسپۆری وێژەی منداڵان ـ لبنان)ی سەرکی لیژنەی دادوەری خزمەتی هانس

کریستیان ئەندرسین بە ساڵی (٢٠٢٦). لە ڕۆژی دووشەمە (١٣/ نیسان/ ٢٠٢٤٦) دا، لە کاتی کردنەوەی پێشانگای خولی (٦٣) ی پەرتووکی نوودووەتی بە منداڵان لە شاری بەرلنیا لە ئیتالیا. کە گەورەترین پێشانگای پەرتووکی منداڵانە، زیاتریش کاریگەریی لەسەر جیهان هەیە. ئەمساڵ (١٥٠٠) دەزگای چاپ و باڵاوکردنەوەی پەرتووکی منداڵان، لە (٩٠) دەوڵەتی جیهانەوە بەشداریان لەم پێشانگایەدا کردووە. لە کۆنگرێیکی ڕۆژنامەوانیدا، ناوی هەردوو براوەی خەڵاتی هانس کریستیان ئەندرسین بە ساڵی (٢٠٢٦) ڕایگەیاند. کە نووسەری بەریتانی دکتۆر (مایکل ڕۆزن) و وێنەکێشی چینی مامۆستا (کای گاو)ە.
شایەنی باسە (٧٨) نووسەر و وێنەکێشی لە (٤٤) دەوڵەتی جیهانەوە، بە وەرگرتنی ئەم خەڵاتە، کاندیدکرابوون. (١٢) نووسەر و وێنەکێشیش شارەزای بواری ئەدەب و هونەری منداڵانیش، لە (١٢) دەوڵەتی جیهان، وەک ئەندامی لیژنەی دادوەری بە هەڵسەنگاندن و بەیاردان لەسەر باشترین پەرتووکانی کاندیدە هەڵبژێراوەکان، بە سەرکایەتی دکتۆر (شیرین کرەدی) سەرکی دەستەی دادوەری، نوێنەرەکانیان ئەندامانی ئەم لیژنەیەن. دوای لێکۆڵینەوەیەکی چڕ، لە پەرتووکە کاندیدکراوەکان، بە زێرینەی دەنگەکانی ئەم لیژنەیە، لە لیستێکی کورتکراوەدا (٦) نووسەر و (٦) وێنەکێشیان لەو (٧٨) نووسەر و وێنەکێشانیان هەڵبژارد. لە دواییدا لەو لیستە کورتکراوەدا، باشترین نووسەری پەرتووک و باشترین وێنەکێشی پەرتووکی وێنەیی
بە منداڵانیان هەڵبژارد، کە نووسەری بەریتانی (مایکل ڕۆزن) و وێنەکێشی چینی خاتوو (کای گاو)ە.
پێوەرە ستانداردەکانی هەڵسەنگاندن و هەڵبژاردنی بەرهەمەکان، بە کاندیکردنی باشترینی دوو پەرتووک، بریتین لە:"کوالیتی جوانکاریی هونەری و وێژەیی، لەبەرچاوگرتنی کاری تازەگەری و ناوازە و داهێنرانەی هەر پاڵەوراوێک، توانای بینینی دیدگای منداڵان و فراوانکردنی کنجکاویەکانیانی هەبێت. گرنگی بەردەوامی کارکردنی بە منداڵان و بە گەنجان هەبێت. بەخشینی خەڵاتکە بەندە
بە تەواوی کارەکانی ئەو نووسەرە و ئەو وێنەکێشەوە لە ماوەی ژیانیاندا، کە خەڵاتکان دەبنەوە".
حەزدەکەین کە ئەوەش بزانین، کە ڕەخنەگراوی نوودووەتی بە

پەرتووکی گەنجان، لە ساڵی (١٩٥٣) دا دامەزرا، کورتەی ناوکەی (ئی بی بی وای) ە. ڕێکخراوەکی خێرخشی سوودنەویستە. ئەندامەکانی سەر بە زۆربەی وڵاتانی جیهانن. ئامانجی ئەم ڕێکخراوە، لە بەخشینی خزمەتی هانس کریستیان ئەندەرسین. پشتگیری و هاندانی نووسەران و وێنەکێشانی بواری وێژە و هونەری وێنەکێشانی منداڵانە. بە پێشکەوتن و بە داهێنان لەم دوو بوارەدا، لە هەموو جیهاندا بە بە جیاوازی.
خاتوو (شیرین کردی) سەرکی دەستەی دادوەری بە بەخشینی خەڵاتی هانس کریستیان ئەندەرسین، بۆ ساڵی ٢٠٢٦. لە میانەی کۆنگرەی ساڵانەی ڕێژنامەوانی (فیدراسیۆنی نێودەوڵاتی بۆ پەرتووکی گەنجان). لە ڕۆژی (١٣/ نیسان/ ٢٠٢٦) لە پێشانگای پەرتووکی منداڵان لە بەلژیکا لە ئیتالیا، ناوی هەردوو خەڵاتگری باشترین نووسەری پەرتووک بۆ منداڵان (مایکل ڕۆزن) ی بەریتانی و باشترین هونەرمەندی وێنەکێشی پەرتووکی وێنەیی بۆ منداڵان لە جیهاندا، خاتوو (کای گاو) ی ئاشکراکرد.
زۆر بە کورتی ئەم دوو خەڵاتگرەتان پێدەناسێنین.
مایکل ڕۆزن ـ باشترین نووسەری پەرتووک بۆ منداڵان:
دکتۆر مایکل ڕۆزن، نووسەر و هەزانقان و شانۆووس و دەرهێنەر و ئەکتەر و ئامادەکار و پێشکەشکاری بەرنامەی تەلەفزیۆنی و ڕادیۆیی و نووسەری ستوونی سیاسی، مامۆستا و چالاکوانێکی و ئەکادیمیی ئینگلیزی. مامۆستای پسپۆری وێژەی منداڵان، لە بەشی خوێندنی پەروەردەیی لە زانکۆی گڵدسمیتس لە لەندەن. زیاتر لە (٢٠٠) پەرتووکی بۆ منداڵان و گۆرانکاری نووسیوە. کە زۆربەیان بۆ منداڵانن.

مایکل ڕۆزن لە (٧/ ئایار/ ١٩٤٦) لە هارۆ، میدلیسیکس، ئینگلتەرا، لەدایک بووە.
لە پەشا لە کەڵەژی پزیشکی دەستی بە خوێندن کرد. دوایی وازی لە پزیشکی هێنا. ڕووی لە خوێندنی وێژەی ئینگلیزی کرد. لە کەڵەژی وادهام لە زانکۆی ئۆکسفۆرد، لە ساڵی (١٩٦٩) دەرچوو و بڕوانامەی بەکالۆریسی وەرگرت. لە ساڵی (١٩٩٤) دا بڕوانامەی ماستەری لە زانکۆی ریدنگ وەرگرت. لە ساڵی (١٩٩٧) دا، دکتۆرای لە باکووری لەندەن بەدەستهێنا. لە ساڵانی نەوەدەکان بە دواوە، لە زانکۆ جیاوازەکاندا، وانەبێژی وێژەی منداڵان بوو. مایکل ڕۆزنی، لە ساڵانی (٢٠٠٠ ـ تا ـ ٢٠٠٧) وەک باڵیۆزی بەریتانیا، بۆ وێژەی منداڵان کاری کردووە.

ڕەزن، لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردووە دەستی بە چاپکردنی پۆرتووکەکانی کردووە. لە ساڵی (١٩٧٤) دا، یەکەمین پۆرتووکی هەنراوەی بە منداڵان چاپکرد، بە ناوی (گرنگی بە کاروباری تایبەتی خۆت بدە). کەمێکیش هەنراوەی کەمیدی بە منداڵان نووسی و چاپی کردوون. لەوانە: (بە حەزناکەیت بزانیت؟، تۆ پێم بڵێی، دەی با خەرا لێرە دەبچین). ڕەزنی هەردەم هاوڕێی داهێنان و تازەگەریی لە وێژەی منداڵان داوە.
کەمێک هەنراوەی ئاسان و کورتی بە منداڵانی زێر بچووک هۆنیوەتەوە.
پۆروردەکار (مەراک ستایلەر) دەڵێت:"ڕەزنی یەکێکە لە پێشڕەوەکانی ئەو نەوە هەنراوەنووسانەی کە ئیلهامیان لە ئەزموونەکانی منداڵیی خۆیان وەرگرتوون و ڕاستیەکان وەک خۆیان دەگێڕنەوە".
دیارترین بەرهەمەکانی مایکل ڕەزنی، بریتین لە (ئەمە بە گشتەکی ڕاوکردنی ورچ دەبین ــ ١٩٨٩) و (پۆرتووکی خەمناک ــ ٢٠٠٤). (خەڵاتی پێن) ی ساڵی (٢٠٢٣) ی بەدەستهێناوە، کە لایەن هێکخراوی پێن ئینگلیزییەوە پێشکێشیان دەکرد، وەک هێزلێنانێک بە کارە بوێرەکانی ژیانی سەرەتایی و پەروەردە.
ڕەزنی پەیوەندی بە پڕۆگرامی ڕاهێنانی دەرچووانی بی بی سی کرد. لە ساڵانی حەفتاکاندا، ئامادەکار و پێشکێشکاری زنجیرەیەک بوو لە کەناڵی تەلەفزیۆنی قوتابخانەکانی بی بی سی بە ناوی "والروس" (بنووسە، فڕبە، بخوێنەوە، تێبگە، قسەبکە).
مایکل ڕەزن، بە درێژایی ژیانی چەندین خەڵاتی بەدەستهێناوە، بەرزترینیان ئەم خەڵاتانەیە (خەڵاتی هانس کریستیان ئەندەرسین ـ ٢٠٢٦) کە بریتییە لە مەدالیایەکی زێڕ و لە (بەوانامەی دپلۆم) ی ڕێزلێنان، وەک باشترین نووسەری پۆرتووکی منداڵان لە جیهاندا کە لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا چاپکردووە و بە یەکەم جار بەاوکراوەتەوە. خەڵاتەکەش لایەن (ئەنجوومەنی نیودەوڵەتی بە پۆرتووکی گەنجان) لە ئاهەنگێکی شایستەدا پێشکێش دەکرێت.
کای گاو باشترین وێنەکێشی پۆرتووکی وێنەیی بە منداڵان:
هونەرمەندی وێنەکێشی چینی خاتوو (کای گاو) وەک باشترین هونەرمەندی وێنەکێشی پۆرتووکی منداڵان لە جیهاندا، کە لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا، باشترین پۆرتووکی وێنەیی بە منداڵانی وێنەکێشاوە و چاپیکردووە و بەاویکردووەتەوە؛ خەڵاتی ئەمساڵی (هانس کریستیان ئەندەرسین)ی بەدەستهێنا. کای یەکەم

هونەرمەندی چینییە و یەکەم ژنی چینیش، کە ئەم خەڵاتە بەناوبانگە وەربگرێت.
هونەرمەند کای گاو لە ساڵی (١٩٤٦) دا، لە شاری چانگشا لەدایک بووە. لە ساڵانی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو، کاری وێنەکێشانی پۆرتووکی وێنەیی و چاپکردنیان بە منداڵان کردووە. ئێندامی کۆمەڵەی هونەرمەندانی چینیە. هەندێک لە هونەرمەندانی چین، کای بە "پێشڕەوی پۆرتووکی وێنەیی ڕەسەنی چینی" ناودەبەن. لە ساڵانی نەوەدەکاندا، هەشتا چەمکی "پۆرتووکی وێنەیی" باو نەبوو. کاو یەکەم هونەرمەندی وێنەکێشی چینییە کە بە چیرۆکی منداڵان، پۆرتووکی وێنەیی دروستکرد. کارەکانی زیندوویی و شۆوازی ڕەسەنی کولتووری چینی بەرجەستەدەکەن. لە ساڵی (١٩٨٠) دا، یەکەم پۆرتووکی وێنەیی بە ناوی (باخچە جوانەکەو) چاپکرد و بڵاویکردووە. پشتیوانییەکی گەرمی لێکرا. کای لە ساڵی (١٩٩٣) دا، خەڵاتی سەوی زێرینی لە چواردەهەمین پێشانگای نەوەدەوەتیی پۆرتووکی منداڵانی براتیسلاڤا، بە بەرهەمێکی بە ناوی "باو ئەر". ئەم خەڵاتەی بەدەستهێنا. کای بووە یەکەم هونەرمەندی چینی، کە ئەم خەڵاتە نەوەدەوەتییە بەدەستبهێنێت. لە دەیەکانی دواتردا دەیان پۆرتووکی وێنەیی کلاسیکی دروستکرد، لەوانە "چیرۆکی لەدایکبوون"، چیرۆکی " شاری ئاگر ١٩٣٨" و " پۆرتووکێکی کورت بە " فڕبوون لە شکستەکانی ئەوانی دیکە"، "زەوی گوڵی قەخ" یەکەکە لە پۆرتووکە زێر بەناوبانگەکانی، کە سێ ساڵ بە وێنەکێشانی ئەم پۆرتووکەوە سەرقاڵبوو. " چیرۆکە جوانەکانی چین"، " باوە مانگ ـ ٢٠١٥" چەندین کاری تری، کە بەشۆوازێکی لەهاتووی نیشتمانی ڕەسەندا کێشاونی. ئەم بەرهەمانەی کای گاو ناوبانگێکی فراوانی ناوخۆیی و جیهانییان بەدەستهێناون.
کای بە ماوەی چەند ساڵێک لە قوتابخانەی بنەڕەتی گوندەکدا مامۆستا بوو. دەبوو ڕۆژانە ئەرکەکانی ماڵەوە ڕاست بکاتەوە و چاودێریی منداڵەکانی بکات، دواتر خۆی بە کاری جۆراوجۆری کشتوکاڵییەوە سەرقاڵ بکات. تەنها ڕۆژانی یەکشەممووان، مەشقی وێنەکێشانی دەکرد. کای وەک هونەرمەندێک هەرگیز نەچووەتە قوتابخانەی هونەری. لەبەر ئەوەی دەرفەتی خوێندنی لە زانکۆدا نەبووە. بەیە خوولیای نیگارکێشان بووە.

کاو بە وێنەکێشانی پۆرتووکە وێنەیەکانی، ئیلهام لە ئەزموونەکانی منداڵیی خۆی و لە بەسەرهات و یادەوەرییە

شیرین و تاقەکانی ژیانی وەردەگرێت و بە نەوەکانی داهاتوو دەیانگوازێتەوە. کای تا ئێستا بە قووڵی پابەندە، بە پەرپێدان بە وێنەکێشانی پەرتووکی وێنەیی منداڵان لە چین.
کای گای لە تەمەنی ٣٦ ساڵیدا، پەیوەندیی بە دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی هونەری منداڵانی شاری (هەنان) کرد. کای پێیوایە منداڵان توانای ئەوەیان هەیە، بە ڕوونی جیاوازی بکەن، لە نێوان ئەو کەسانەی خۆشیان دەوێت و ئەوانەی خۆشیان ناوێت.

کای گاو، زیاتر لە (٤٠) پەرتووکی وێنەکێشاون و چاپیکردوون و بڵاویکردوونەتەوە. کای باڵوایەکی تەواوی بە ژیان و بە خەڵاگری هەیە.
بە کورتی، کارەکانی هونەرمەند کای گاو، کوالیتییەکی هونەری ناوازە و زمانێکی بینراوی ناوازە و قووڵی سەزداری نیشان دەدەن. کە ئاسەی هونەری وێنەکێشانی پەرتووکی منداڵان فراوانترن دەکەن.
لە ئاهەنگێکی شایستە ـ هەشتا کات و شوێنی دیاری نەکراون ـ خەڵاتەکانیان وەردەگرن.

(*) بە ئێم نووسینەم، چەندین سایتی ئینگلیزیم بەسەرکردووەتەوە.
دوبەی: ٢٠٢٦